A2F Access to Finance

IOM UN MIGRATION

# بەرنامەداڕێژی گونجان لەگەڵ بازاڕ-ی کار و بزنسە بچووک و مامناوەندەکان بۆ دەستگەیشتن بە سەرمایە

ڕەوانەکردن لەلایەن ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی

و فیدراسیۆنی پیشەسازییەکانی عێراق

بەغدا و کەرکوک و سلێمانی و هەولێر



ئەو بۆچوونانەی لەم بڵاوکراوەدا دەربڕدراون، بۆچوونەکانی نووسەرانن و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بن. ئەو ناونانەی کە بەکارهێنراون و نیشاندراون بۆ کەرەستە و ماددەکان لە سەرانسەری بڵاوکراوەکەدا بە مانای دەربڕینی هیچ بۆچوونێک نییە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-ەوە سەبارەت بە پێگەی یاسایی هیچ وڵاتێک، هەرێمێک، شارێک یان ناوچەیەک، یان دەسەڵاتەکانی، یان سەبارەت بە سنوورەکان یان مەوداکانی.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پابەندە بەو بنەمایەی کە کۆچێکی مرۆڤانە و ڕێکوپێک سوودی بۆ کۆچبەران و کۆمەڵگە دەبێت. وەک ڕێکخراوێکی نێوان حکومەتەکان، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەگەڵ هاوبەشەکانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کاردەکات بۆ: یارمەتیدان لە بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم کۆچکردن؛ تێگەیشتنی پێشوەختە لە پرسەکانی کۆچکردن؛ هاندانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابوری لە ڕێگەی کۆچکردنەوە؛ و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی کۆچبەران.

ئەم بڵاوکراوە بە پاڵپشتی بانکی KFW بووە. ئەو بۆچوونانەی لێرەدا دەربڕدراون هی نووسەرنن و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ یان  بانکی KFW بن.

بڵاوکەرەوە: ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

ناونیشانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ: کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان ٢)، ناوچەی نێودەوڵەتی، بەغدا/عێراق

ئیمێڵ: iomiraq@iom.int

وێبسایت: https://iraq.iom.in

فۆتۆکەڤەر: © IOM ٢٠٢٠ / ئارام حەکیم

ڕێکخراوی IOM ٢٠٢٤

هەندێک لە مافەکان پارێزراوە. ئەم کارە بەردەستە لە چوارچێوەی
Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivs 3.0 IGO License (CC BY-NC-ND 3.0 IGO).*

بۆ زانینی وردەکاری زیاتر، تکایە بڕوانە مەرجەکان و مافەکانی بەکارهێنان: Copyright and Terms of Use

نابێت ئەم بڵاوکراوە بۆ مەبەستێک بەکاربهێنرێت، بڵاوبکرێتەوە یان دابەشبکرێتەوە جگە لە مەلەستی سەرەکی خۆی یان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سوودی بازرگانی یان قەرەبووکردنەوەی ماددی بەکاربێ، جگە لە مەبەستی پەروەردەیی، بۆ نموونە، بۆ ئەوەی لە کتێبی خوێندندا جێگەی بکرێتەوە.

ڕێگەپێدان: داواکاری بۆ بەکارهێنانی بازرگانی یان وەرگرتنی مافی زاتیر و مۆڵەتی زیاتر پێویستە داواکارییەکە پێشکەش بکرێت بۆ: publications@iom.int.

پێرست


| | |
|---|---|
| پوختەی جێبەجێکردن | ٤ |
| پرۆسەی پشکنین و ڕەوانەکردن | ٤ |
| پێداچوونەوە بە ئەدەبیات | ٥ |
| ویستی گەڕان بەدوای بژاردەکانی قەزرکردن | ٦ |
| ئامادەیی وەبەرهێنان و دەرخەرەکانی بەفەرمیبوون | ٦ |
| دەرخەرە ئابورییەکان | ٨ |
| تەمەن و قەبارەی کار و بزنس | ١٠ |
| ڕەهەندە دیموگرافییەکان | ١١ |
| خواست لەسەر خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری | ١٤ |
| کۆتایی | ١٥ |
| ڕاسپاردەکان | ١٥ |

# پوختەی جێبەجێکردن

ئەم ڕاپۆرتە ئەنجامی جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی دارێژراو بۆ گونجان لەگەڵ بازاڕ-ی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان دەخاتە ڕوو کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بە هاوبەشی لەگەڵ ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی (CoCIs) و فیدراسیۆنی پیشەسازی عێراق لە بەغدا، کەرکوک و سلێمانی و هەولێر ئەنجامدرا. شیکارییەکە لەسەر بنەمای ٣٤٣ کار و بزنس و کۆمپانیای بچووک و مامناوەند (SME) -ە، کە لەلایەن فیدراسیۆنە پیشەسازییەکانی عێراق- CoCIەکانەوە ڕەوانە دەکرێن و ڕەزامەندیان لەسەر بەشداریکردن لە چاوپێکەوتنە نیشاندا. ئەم کار و بزنس و کۆمپانیایانە لەنێو زیاتر لە ٣,٠٠٠ کۆمپانیا لە تۆمارە هاوبەشەکانی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی (CoCIs) و فیدراسیۆنی پیشەسازی عێراق لە بەغدا، کەرکوک و سلێمانی و هەولێر دەستنیشانکران، تیشک خرایە سەر سەر پێویستی نوێکردنەوەی سیستەمی زانیارییەکانیان.

تێبینی وەرگرانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەم کۆمپانیایانە ئەنجامدا بۆ ئەوەی ئەو کار و بزنسە گونجاوانە پشتڕاست بکەنەوە کە ئارەزووی خۆیان لە قەرزکردن و خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری بازرگانی دەربڕیووە. ڕاپۆرتەکە ئەو کار بزنس و کۆمپانیایانە بەپێی ئاستی فەرمیبوون و ئامادەیی وەبەرهێنان پۆلێنکرد: سوود وەرگرتن لە قەرز، هەژماری بانکی، بەدواداچوونی دارایی و تۆمارکردنیان لە وەزارەتێکدا. لەکۆی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە بەشداریان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە، ١٥٤ (٤٥٪)یان بە گونجاو دادەنرێت بۆ ڕەوانەکردنیان بۆ وەرگرتنی قەرز و ١٤٩ (٤٣٪) لەوانەیس بۆ سوودمەندبوون لە خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییە بازرگانییەکان بەمەبەستی بەهێزکردنیان بۆ ئامادەبوون بۆ وەبەرهێنان.

ڕاپۆرتەکە تایبەتمەندییەکانی کار و بزنس و کۆمپانیا سەیردەکات و پشتڕاس دەکاتەوە، لەوانەش: داتای دارایی، قەبارەی کار، تەمەن، بۆشایی جێندەری و جیاوازی جوگرافی. پێوەرە هەڵبژێردراوەکانی پشکنینەکەش بووە هۆی ئەوەی کە کار و بزنس و کۆمپانیاکان بەهای تێکڕای سەروەت و سامان و قازانجیان بەرزتر بێت، ڕێژەی کارکردنیان بەردەوامتر و کارمەندی ژنیان زیاترە. بەڵام مەرجە فەرمییەکان بۆ ڕەوانەکردنی قەرز وەرگرتنی سەرکەوتوو زیاتر زیان بەو خاوەنکارە ژنانە لە پارێزگاکاندا دەگەیەنن کە ڕێژەی ئاوارەبوونیان زۆرە.


سەبارەت بە کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان کە بە گونجاو نازانرێن بۆ ئەوەی بۆ وەرگرتنی قەرز ڕەوانە بکرێن، ڕاپۆرتەکە ئەو پێوەرانە شیدەکاتەوە کە لەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە دا نەبووە، بەڵام ئامادەیی تێدایە بۆئەوەی بەشداری لە خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکانی بنیاتنانی توانا بکەن کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پێیان دەدرێت. لە نێوان ئەو ٣١٨ کار و بزنس و کۆمپانیایە کە ئارەزووی خۆیان بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاری ڕاوێژکارییان نیشاندا، زیاتر لە نیوەی (١٦٩) یان مەرجەکانی ئامادەیی وەبەرهێنانیان تێدابوو تا بۆ لایەنی پێویست ڕەوانە بکرێن. لە هەمان کاتدا، ٩٣ (٢٩٪) ئەزموونیان نەبووە لە پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە داراییەکان (بە هەبوونی هەژماری بانکی)، ٦٢ (١٩٪) بەدواداچوونی دارایی دروستیان نەبووە، و ٤٢ (١٣٪) تۆمارکردنیان نەبووە.

چەند ڕاسپاردەیەکەیمان بۆ بەرزکردنەوەی دەستڕاگەیشتن بە سەرمایەی دارایی بۆ کار و بزنس و کۆمپانیا بۆچووک و مامناوەندەکان پێشنیاز کرد. یەکەم، دەبێت ١٥٤ کار و بزنس و کۆمپانیای بچووک و مامناوەندە دەستنیشانکراوەکان ڕەوانەی دامەزراوە داراییە هاوبەشەکان بکرێن بۆ پێدانی قەرزی پاڵپشتیکراو، بە هاوکاری لەگەڵ هاوبەشەکانی گەشەپێدان. سەبارەت بە کار و بزنس و کۆمپانیا نافەرمییە دەستنیشانکراوەکانیش، فراوانکردنی بژاردە داراییەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری زۆر گرنگە، چونکە زۆرجار لە پرۆسەی پارەپێدان ڕووبەڕووی وەدەرنان و ناگرتنەخۆ دەبنەوە. هەروەها هەوڵەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئامادەیبوونی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان بۆ وەبەرهێنان لە ڕێگەی دەستپێشخەرییەکانی بنیاتنانی تواناوە شایستەبوونیان بۆ وەرگرتنی قەرزی داهاتوو فراوانتر دەکات. پاڵپشتیکردنی ئامانجدار زۆر گرنگە بۆ ژنانی خاوەنکار و کار و بزنسەکانیان لە ناوچە زیانلێکەوتووەکانی شەڕ و ململانێ بۆ زاڵبوون بەسەر ئاستەنگە داراییەکان، لەگەڵ ڕۆڵگێرانی وەک بەشداریکردنی بانکی و بەرنامەکانی خول و ڕاهێنان. بەهێزکردنی سیستەمی سەرتاسەری زانیارییەکانی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان بە هاوبەشی لەگەڵ ژوورەکانی بازرگانی دەبێتە هۆی باشترکردنی ڕاستی و دروستی داتا بۆ بەرنامەڕێژیکردنی دریژخایەن. لە هەمان کاتدا، دەبێت ڕاگەیاندنەکانی پێدانی هاوکاری و پاڵپشتی بۆ ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە بەردەوامبێت لە گرتنەخۆی ئەو کار و بزنسانە و بگاتە ئەو ناوچە کەمە خزمەتگوزارییەکان تا تۆمارە نیشتیمانییەکانیان نوێدەکرێتەوە.

# پرۆسەی پشکنین و ڕەوانەکردن

ئەو داتا و زانیاریانەی لەم ڕاپۆرتەدا بەکارهێنراون لە هەوڵێکی گشتگیرەوە هاتوون کە لە ساڵی ٢٠٢٣ ئەنجامدراوە بۆ دیاریکردنی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندانەی کە دەتوانن لە خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری بازرگانی سوودمەند بن بۆ بەهێزکردنیان و ئامادەبوونیان بۆ وەبەرهێنانیان، ڕەوانەکردنی بۆ وەرگرتنی قەرز لە بانکەکان و ئاسانکارییەکانی قەرزی گشتی یان هاوکارییە داراییەکانی سندوقی گەشەپێدانی کار و بزنس و پرۆژەکان-ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ. وەک بەشێک ئەم پرۆسەیەدا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ١٢ کۆمەڵەی کار و بازرگانی لە چەندین پارێزگادا بەشدارییپێکرد، لەوانەش ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی (CoCIs) و فیدراسیۆنی پیشەسازی عێراق لە بەغدا، کەرکوک و سلێمانی و هەولێر، فیدراسیۆنی پیشەسازییەکانی عێراق و یەکێتییە بازرگانییەکان. ئەو داتا و زانیاریانەی کە لەم ڕاپۆرتەدا هاتوون لەسەر بنەمای لیستی ئەو کار و بزنسانەیە کە دەکەونە بەغدا و کەرکوک و لە فیدراسیۆنی پیشەسازیی عێراقی لە بەغدا تۆمارکراون، هەروەها ئەو کار و بزنسانەی کە لە CoCIی سلێمانی و CoCIی هەولێر تۆمارکراون.[1] ڕێکخراوی IOM ئامرازێکی پشکنین و پشتڕاستکردنەوەی تەلەفۆنی ئامادەکرد، بە هەماهەنگی لەگەڵ بانکی گەشەپێدانی ئەڵمانی- KFW، بۆ هەڵسەنگاندنی توانای کار و بزنس و کۆمپانیا بۆ دەستڕاگەیشتن بە دانانی دارایی لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاریان لەسەر ڕەوش، توانا و نیشاندانی ئارەزوو ویستی وەرگرتنی قەرز و خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری.

شێوەی ١: دەرئەنجامی هەوڵەکانی پەیوەندیکردن بەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە لە چوار ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان تۆمارکراون




[1] هەروەها ژوورە بازرگانییەکان و فیدراسیۆنی پیشەسازیی عێراقی لقەکانی زیقاڕ و بەسرە ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن دەربڕی. ئەم پارێزگایانە لە پرۆسەی پشکنینەکەدا نەبوون بەهۆی نەبوونی بودجەی تایبەت بۆ دانانی بەرنامە لەو ناوچەکانی ئەم دوو پارەێزگایەدا.

سێ کۆمەڵەی بازرگانی بەشداربوو وردەکارییەکانی ٣٠٨٠ کار و بزنسیان خستەڕوو و هاوبەش کرد کە پەیوەندییان پێوەکرابوو بۆ مەبەستی پشکنین و پشتڕاستکردنەوە. لەو کار و بزنسانەش، لەسەدا ٥٧یان بەردەست نەبوو و نەتوانرا دەستیان پێبگات و لەسەدا ٣٢ ڕەتیانکردەوە بەشداری لە چاوپێکەوتنی پشکنین و پشتڕاستکردنەوە بکەن (شێوەی ١). بە گشتی ٣٤٣ کار و بزنس کۆمپانیا (١١٪) ئارەزووی ڕەوانەکردن بۆ وەرگرتنی قەرز، خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری یان هاوکاری بازرگانییان هەبوو و چاوپێکەوتنی پشکنین و پشتڕاستکردنەوە ئەنجامداوە. زۆربەی کار و بزنس وکۆمپانیا ئارەزوومەندەکان لە پارێزگای بەغدان کە لەسەدا ٦٣ پێکدەهێنن، لەکاتێکدا لەسلێمانی لەسەدا ٢٩ و لەهەولێریش لەسەدا ٨. تەنیا دوو بزنس لە کەرکوکن. زۆربەی کار و بزنس وکۆمپانیاکان لە کەرتی بەرهەمهێناندا کاردەکەن (٢٠٤، یان ٥٩٪)، دواتر خزمەتگوزارییەکان (٦٥، یان ١٩٪) و کەرتەکانی دیکە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی خۆراک لەخۆدەگرن (٣٦، یان ١١٪). لە کۆی کار و بزنس و کۆمپانیا پشکنراوەکان، تەنیا ٢٨ خاوەنکاریان ئافرەتن لە کاتێکدا ٣١٥ خاوەنکار پیاون، ئەمەش ئاماژەیە بۆ لایەنگرییەکی بەرچاوی جێندەری لە تۆمارەکانی ئێستای کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان. هەروەها جیاوازی جێندەری لە دانانی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و ناوەندەکاندا دیارە، کە ١٤٣ یان (٤٢٪) لانیکەم یەک کارمەندی ژنیان هەیە لە کاتێکدا ٢٠٠ کار و بزنس و کۆمپانیا (٥٨٪) هیچ کارمەندێکیان نییە. سەبارەت بە ئاستی خوێندن، لەسەدا ٣٠ی خاوەنکارەکان ، کە لە داتابەیسەکەدا هاتوون، بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە، لەسەدا ٢٠ بڕوانامەی ئامادەیی و لەسەدا ١٥یان خوێندنی ناوەندییان تەواوکردووە.

# پێداچوونەوە بە ئەدەبیات

توێژینەوەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان کاریگەری دەستڕاگەیشتن بە سەرمایەی دارایی لەسەر بەرهەمهێنانی کار و بزنس وکۆمپانیا و گەشەی خستنەسەرکاریان تاوتوێکردووە، دەریدەخەن کە ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە کە دەستڕاگەیشتنێکی زیاتریان بە سەرمایەی دارایی هەیە، زیاتر ئارەزوو و ویستی ئەوەیان هەیە باشتر کارەکانیان ئەنجامبدەن. کامپێلۆ و لاراین (٢٠١٥) ئەوە دەخەنەڕوو کە ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە کە دەستڕاگەیشتنێکی دارایی باشتریان هەیە، بەرهەمهێنانی زیاتر بەدەست دەهێنن و هەلی کار زیاتر دەڕەخسێنن. هەروەها پەیوەندی نێوان دەستڕاگەیشتن بە سەرمایەی دارایی و خێراتر درووستکردنی هەلی کار لەلایەن کاو و لیونگ (٢٠٢٠) دووپاتکراوەتەوە. هاوتەریب لەگەڵ ئەم دەرئەنجامە، ئایاگاری و هاوکارانی. (٢٠٢١) ئەوە ڕووندەکەنەوە کە ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە کە قەرزیان بۆ بەردەستە، ڕێژەی گەشەی خستنەسەرکاریان بە ڕێژەی ١ بۆ ٣ خاڵ لەسەدا زیاترە لەوانەی کە دەستڕاگەیشتنێکی لەو جۆرەیان نییە (Soumaré، ٢٠٢٢).

لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا، سیستەمی دارایی بە زۆری لەلایەن بانکەکانەوە بەڕێوەدەبرێن، لەگەڵ بە باشزانینێکی زۆر بۆ قەرزدان بە کەرتی گشتی و ژمارەیەکی هەڵبژێردراوی کار و بزنس و کۆمپانیا تایبەتە گەورەکان، ئەمەش وایکردووە کار و بزنس وکۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان دەستڕاگەیشتنێکی سنوورداریان بۆ قەرزکردن هەبێت (Bakhouche، ٢٠٢١). لە ناوچەکەدا، زۆرجار بانکەکان کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان وەک مەترسییەکی گەورە دەبینن، بەهۆی نافەرمیبوونیان، خراپی ڕاپۆرتی دارایی و نەبوونی مێژووی قەرز، کە لە ئەنجامدا پێویستییەکی زۆری دەستەبەریکردن، قەرزی تێچووی زۆر ئەمەش وادەکات پرۆسەی داواکردنی قەرزی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان لە بانکەکان شتێکی قورس و بەبەستدار بێت. لە وڵاتانی وەک عێراقدا، بێتمانەی بە کەرتی بانکی کە ڕەگ و ریشەی لە ناسەقامگیریی ڕابردوویدا هەیە، ئاستێکی دیکەی بۆ بەربەستەکان زیاد دەکات (ILO، ٢٠٢٣).


بۆ ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە کە پێوەرەکانی دامەزراوە داراییەکانی قەرزپێدانیان تێدا نییە، خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن چونکە ئاستی گەشەکردن و پەرەپێدان کار وبزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان بەرز دەکاتە، بەتایبەتی لە ڕێنووێنیکردنیان لە هەوڵەکانیان بۆ هاوکاری و پاڵپشتی دارایی زیاتر باشترکردنی و ئەدای گشتی بازرگانییان. ئۆگان (٢٠٢٠) جەختی لەسەر گرنگی ڕاوێژکاری دەرەکی دەکاتەوە، ئەوە نیشاندەدات کە ڕێنماییکردن و ڕێنووێنی کردن لەلایەن کەسانی دیکەی لەناو هەمان پیشەسازیدا یارمەتی خاوەنکارەکان دەدات بۆ زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکانی پەیداکرنی پارەدا. سەرەڕای ئەوەش، ڕاوێژەکانی ژمێریاران بە شێوەیەکی بەرچاو ئەدای کار و بزنس و کۆمپانیا نوێیەکان بەرز دەکاتەوە، ئەمەش بەهایەکی کاریگەر بۆ ئەودیووی هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکان زیاد دەکات. جگە لەوەش، مۆڵ و هاوکارانی. (٢٠١٦) بۆیان دەرکەوت کە داواکاری کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و ناوەندەکان بۆ پاڵپشتیکردنی ڕاوێژکاری، بە تایبەت لە دابینکەرانی تایبەتەوە، بە پلەی یەکەم بەهۆی گەشە و قەبارەی کارەکەوەیە. هەروەها توێژینەوەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە کار و بزنس و کۆمپانیا تازە دامەزراوەکان و ئەوانەی کە لەلایەن ژنان بەڕێوەدەبردرێن زیاتر کاریگەری شکستی بازاڕیان لەسەرە لە دەستڕاگەیشتن بە پاڵپشتی ڕاوێژکاری.

بەبێ لەبەرچاوگرتنی جۆری ئەو یارمەتییەی کە پێشکەش دەکرێت، تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان لە دیاریکردنی سەرکەوتندا زۆر گرنگن، بۆیە بە ئامانجگرتنی بۆ پێدانی هاوکارییەکانی دیکەی پاڵپشتیکردن بەوانەی کە ئەگەرێکی زۆری سەرکەوتنیان تێدایە دەبێتە هۆی ئەوەی دابەشبوونێکی دیموگرافی لاواز دروستبێت. ئەمەش بەتایبەتی پەیوەستە بە دۆخ و ژینگە داراییە سنووردارەکانی لە ڕووی قەرزکردنەوە و لەڕووی دەرفەتەکانی خستنەسەرکاری فەرمی سنووردار، بە تایبەتی بۆ ژنان (Crépon et al.، ٢٠٢٤). دەکرێت تایبەتمەندییە سەرەنجدراوەکانی خاوەنکارەکان، وەک ڕەگەز، تەمەن و کەرتی بازرگانی، پێشبینیکەری بەرچاو بن بۆ سەرکەوتنی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان. بەگشتی، خاوەنکارانی پیاو کە تواناى باشیان هەیە لە سییەکانی تەمانیان دان و زیاتر کاردەکەن، ئەمەش تیشک دەخاتە سەر ئەو بەربەستانەی دیکە کە ڕووبەڕووی ژنە خاوەنکارەکان دەبێتەوە (McKenzie and Sansone، ٢٠١٩; Fiala، ٢٠١٨).

# ویستی گەڕان بەدوای بژاردەکانی قەرزکردن

لە پلەی یەکەمدا، شێوەی ٢ ئەو کاندیدانەی نیشان دا کە وەڵامی ئەرێنییان دایەوە ("بەڵێ، بە دڵنیاییەوە" یان "بەڵێ، تا ڕادەیەک") کاتێک پرسیاریان لێکرا سەبارەت بە ئامادەیی ئەوان بۆ گەڕان بەدوای بژاردەکانی قەرزی بازرگانی. چاوپێکەوتن لەگەڵ کراوان ئارەزوویەکی زۆریان بۆ گەڕان بەدوای بژاردەکانی قەرزداندا نیشان دا؛ لەسەدا ٥٤ی کاندیدەکان ئارەزووی گەڕان بەدوای دەرفەتەکانی قەرزکردنی بازرگانیدا بوون و لەسەدا ٣٠ی کاندیدەکان تا ڕادەیەک ویستی گەڕان بەدوای دەرفەت و بژاردەکانی قەرزکردنەوە بوون. بەمەش ٢٨٨ کاندید لە کورتە لیستی ئارەزوومەندانی گەڕان بەدوای بژاردەکانی قەرزدا دەمێننەوە.

شێوەی ٢: ئارەزوومەندانی گەڕان بەدوای دەرفەت و بژاردەکانی قەرزی بازرگانی




تێبینی: ئەم شێوەیە وەڵامەکانی پرسیاری "ئایا ئارەزووی گەڕان بەدوای دەرفەتەکانی قەرزکردنی بازرگانیدا دەگەڕێیت، لەوانەش وەبەرهێنانی فەرمی پشک یان دارایی لەسەر بنەمای پشک و قەرزی پابەند بە شەریعەت؟" لە ٣٤٣ خاوەنکار چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە. ئەو کار و بزنسانەی کە وەڵامی "بەڵێ، بە دڵنیاییەوە" و "بەڵێ، تا ڕادەیەک"یان دایەوە، دەخرێنە کورتە لیست و لەبەرچاو دەگیرێن.

# ئامادەیی وەبەرهێنان و دەرخەرەکانی بەفەرمیبوون


بەپێی سێ بنەما کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان پۆلێنکران: دەرخەرەکانی پێوەرەکانی ئامادەیی وەبەرهێنان و فەرمیبوون. ئەم پێوەرانە بریتیبوون لە: "ئایا کار و بزنسەکەت لە وەزارەتی بازرگانی، وەزارەتی پیشەسازی یان هەر وەزارەتێکی تر تۆمارکراوە؟"، "ئایا هەژماری بانکیت هەیە؟" و "ئایا تۆ ئاگاداری تۆمارە دارایی و بازرگانییەکانی دیکەیت؟". ئەو کار و بزنسانەی کە هەر سێ پێوەرەکەیان جێبەجێکردووە و ئارەزووی خۆیان بۆ بژاردەکانی قەرزی بازرگانی دەربڕیوە، دەتوانرێت بە گونجاو هەژمار بکرێن بۆ ڕەوانەکردن بۆ پێدانی قەرز.

زۆربەی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندانەی کە بەشدارییان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە لە وەزارەتی بازرگانی، وەزارەتی پیشەسازی یان وەزارەتێکی دیکە تۆمارکراون. کار و بزنسە تۆمارکراوەکان ٨٦٪ی ئەو ڕەوانەکردنانەیان پێکهێناوە کە گوتیان کە ئارەزووی گەڕان بەدوای بژاردەکانی قەرزی بازرگانیدا دەکەن. تۆمارکردن لە ژوورە بازرگانییەکانی هەر شوێنێک، کە مەرجێکە بۆ بەشداریکردن لەم پرۆسەیەدا، یەکێکی دیکە لە نیشاندەرەکانی بەفەرمبوونی باو و پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ تۆمارکردنی فەرمی لە وەزارەتێکدا هەیە. ئەم پێوەرە پشکنراوە و پشتڕاستکراوە لەلایەن لە ٢٤٩ کار بزنس جێبەجێ کراوە.

لەپاڵ تۆمارکردنی فەرمی لە دامەزراوەیەکی حکومی، دوو نیشاندەری دیکەش بۆ ڕەوانەکردن بۆ وەرگرتنی قەرز بریتین لە بەدواداچوونی دارایی دروست و هەبوونی هەژماری بانکی. ئەم ڕاپۆرتە کۆتا هۆکار بە نیشاندەرێکی ئەرێنی بۆ جێبەجێکردنی ئابووری دەزانێت، کە ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکانی پێشوو لەگەڵ دامەزراوە داراییەکان. لە لیستی سەرەتاییدا، ٨٠٪ی کار و بزنس کۆمپانیاکان بە نووسین و تۆمارکردن بەدواداچوون بۆ بابەت دارایی خۆیان دەکەن و لە ٧١٪یان هەژماری بانکییان هەیە (قەرز، پاشەکەوت، یان هی دیکە). شێوەی ٣ ڕێژەی سەدی ئەو کاندیدانەی نیشاندەدات کە هەر کام لە پێوەرەکانیان تێدایە. وەک دەردەکەوێت زۆربەی ئەو کار و بزنسانە پێوەرەکانی شایستەبوونیان تێدا نییە هەژماری بانکییان نەبوو بەڵام لە وەزارەتێک تۆمارکرابوون و تۆماری داراییەکانیان هەبوو. ئەم جۆرە کار و بزنسانەش لە خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری و بەرنامەکانی ئامادەیی وەبەرهێنانی پەیوەندیدار سوودمەند دەبن.

لە٥٣٪ی کار و بزنس و کۆمپانیا کاندیدکراوەکان هەر سێ پێوەرەکەیان جێبەجێکردووە. بەمەش ١٥٤ یان دەمێنێتەوە بۆ چوونە نێو کورتە لیستی ڕەوانەکردنی بۆ وەرگرتنی قەرز کە ئارەزووی قەرزی بازرگانییان هەیە و پێوەرە بنەڕەتییەکانی ئامادەیی وەبەرهێنان جێبەجێکردووە.

شێوەی ٣. ڕێژەی سەدی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی قەرزی بازرگانی دیانگرێـەوە بەپێی ئاستی بەفەرمیبوون





تێبینی: شێوەی هێڵکاری ڤێن لە پێوەرەکانی گونجاویەتی بۆ کورتە لیست لەناو ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە ئارەزووی بژاردەی قەرزی بازرگانی دەکەن پیشان دەدات. گۆڕاوەکان ئاماژەن بۆ بەفەرمیبوونی کار و بزنسەکان، لەوانەش هەبوونی هەژماری بانکی، بەدواداچوونی دارایی، و تۆمارکردن لە وەزارەتی بازرگانی، وەزارەتی پیشەسازی، یان هەر وەزارەتێکی تر. ڕێژەکان ئەوە نیشاندەدەن کە هەر  کار و بزنس وکۆمپانیایەک چەند پێوەری تێدایە. کۆمەڵەی کۆتایی کار و بزنس و کۆمپانیاکانی کورتە لیست ئەوانە دەگرێتەوە کە هەموو پێداویستییەکانیان تێدایە و ئارەزووی خۆیان بۆ قەرزی بازرگانی دەربڕیوە (شێوەی ١)، کە دەکاتە ١٥٤ کار و بزنس و کۆمپانیای بچووک و مامناوەند.





# دەرخەرە ئابورییەکان

ئەم بەشە جەخت دەخاتە سەر پێوەرە داراییەکانی کار و بزنس و کۆمپانیا ڕەوانەکراوەکان، لەگەڵ بەراوردکردنی ئەوکار و بزنس کۆمپانیا بچووک و مامناوەندانەی فەرمی و نافەرمین. سەبارەت بە سەروەت و سامان، ئەو ڕەوانەکردنانەی ئارەزووی گەڕان بەدوای دەرفەتەکانی قەرزی بازرگانیدا دەکەن بەهای سەروەت و سامانیان بەرزترە لە چاو ئەوانەی کە ئارەزووی خۆیان نیشان نەداوە. ئەو کار و بزنس و کۆمپانیانە خراونەتە لیستی کورتکراوەوە کە ئامادەن بۆ وەبەرهێنان بە پشتبەستن بەو سێ پێوەرەی کە لە سەرەوە ڕوونکراونەتەوە، شێوەی ٤ ئەوە نیشاندەدات کە ئەم کار و بزنس و کۆمپانیایانە بەهای سەروەت و سامانیان بەرزترە لە چاو ڕەوانەکردنەکانی تر.

شێوەی ٤. بەهای سەروەت و سامان بەپێی پێوەرەکانی گونجاویەتی








تێبینی: ئەم شێوەیە دابەشکردنی وەڵامەکانی پرسیاری "سەروەت و سامانی تەواوی کار و بزنس و کۆمپانیاکەتان چەندە (دەستمایەی سافی کارەکە)؟" بەپێی هەر گروپێک لە پێوەرەکان، سوود لە قەرزە بازرگانییەکان، و بەفەرمیبوون. ئەو گروپەی لە پانێڵی یەکەمدا نمایشکرا هیچ ئارەزوویێکی لە بژاردەکانی قەرزی بازرگانیدا نەبوو (٥٥ کار و بزنس و کۆمپانیا)، ئەو گروپەی لە پانێڵی دووەمدا نمایشکرا دەرخەری نافەرمییوونیان نیشان دا (١٣٤ کار و بزنس و کۆمپانیا) و پانێڵی کۆتاییش کاندیدی فەرمی و ئەگەری بۆ ڕەوانەکردن نیشان دا (١٥٤ کار و بزنس و کۆمپانیا).

سەرەڕای بەهای سەروەت و سامانی تاڕادەیەک بەرز، کار و بزنس و کۆمپانیا ئارەزومەندەکان قازانجیان کەمترە لە چاو ئەوانەی کە ئارەزووی قەرزەکانیان دەرنەبڕیوە (شێوەی ٥). ئەم ئەنجامە ئەوە نیشاندەدات کە هەندێک لەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە کە تووشی کێشەی دارایی بوون لەوانەیە داوای قەرز بکەن بۆ دەستکەوتنی نەختینەی زیاتر. بەڵام بە تێکرا، ئەو کار و بزنس و کۆمپانیا فەرمیانەی کە پێوەرەکانی ئامادەیی وەبەرهێنان دەیانگرێتەوە ئاستی قازانجیان بەرزترە لە چاو کار و بزنسە ئارەزومەندەکانی دیکە. تەواوی گروپی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە کە ئارەزووی قەرزی بازرگانی دەکەن، تێکڕای ناوەندی قازانجیان ٥,٣٩٠ دۆلاری ئەمریکییە، لەکاتێکدا ئەو کار و بزنسە فەرمیانەی کە کەمتربوون تێکڕای ناوەندی قازانجیان ٦,٨٠٥,٢ دۆلارە.[٢]

٢ ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە ئارەزووی بەشداریکردن لە قەرزیان دەرنەبڕی تێکرای بەهای قازانجیان ٢٣,٤٥٧ دۆلارە، تێکڕای ناوەندی ئەو بەهایەش ٣,٥٠٠ دۆلار و لادانێکی ستانداردیان ٤٨,٢٢١ دۆلارە. لەلایەکی دیکەوە، ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە ئارەزووی بەشداریکردن لە قەرزیان دەربڕی و فەرمین مامناوەندی بەهای قازانجیان ٣,٧٦٣ دۆلارە و تێکرای ئەو بەهایەش ١,٠٠٠ دۆلار و لادانێکی ستانداردیان ١١٤٩٥ دۆلارە. لە کۆتاییدا، ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە ئارەزووی بەشداریکردن لە قەرزیان دەربڕی و فەرمین و تێکڕای ناوەندی بەهای قازانجیان ٦٨٠٥ دۆلارە، تێکرای ئەو بەهایەش ٢,٥٠٠ دۆلار و لادانێکی ستانداردیان ١٨,٩٣٣ دۆلارە.

شێوەی ٥. بەهای قازانج بەپێی پێوەرەکانی گونجاویەتی




تێبینی: ئەم شێوەیە دابەشکردنی وەڵامەکانی پرسیاری "بە تێکڕا قازانجی کار و بزنس و کۆمپانیاکەن لە مانگێکدا چەندە بە دۆلار؟" بەپێی هەر کۆمەڵێک پێوەر (ئەوانەی فەرمین و ئارەزووی قەرزیان هەیە). ئەو گروپەی لە پانێڵی یەکەمدا خرایەڕوو هیچ ئارەزوویێکی لە بڕاردەکانی قەرزی بازرگانیدا نەبوو (٥٥ بزنس)، ئەو گرووپەی لە پانێڵی دووەمدا نمایشکرا نیشانەکانی نافەرمییان نیشان دا (١٣٤ کار و بزنس و کۆمپانیا) و پانێڵی کۆتاییش کار و بزنس و کۆمپانیا فەرمییەکانە کە ئەگەری بۆ ڕەوانەکردنیان بۆ قەرز پێشان دا (١٥٤ کار و بزنس و کۆمپانیا). بۆکسەکان ئەو بەهایانە نیشاندەدەن کە لە ٥٠٪ی داتاکان لەخۆ دەگرن. هێڵی ناو بۆکسەکە تێکڕای بەهای دابەشکردنەکە نیشاندەدات. هێڵەکەی خوارەوەی سندوقەکە لەسەدا ٢٥ی خوارەوەی دابەشکردنەکە نیشاندەدات، هێڵەکەی سەرەوەش لە ٥٢٥ی سەرەوەی نیشاندەدات. ئەم شێوەیە لایەنە دەرکییەکان لەخۆناگرێت. هەر خاوەنکار و بزنس و کۆمپانیایەکی بچووک و مامناوەند کە قازانجەکەی لە سەرووی ئەو بەهایە بێت کە لەسەدا ٧٥ی دابەشکردنەکەیە، لەگەڵ ١.٥ دیکە لە نێوان لە ٧٥٪ - ٢٥٪-ی یان لە خوار ئەو بەهایەی کە لەسەدا ٢٥ی دابەشکردنەکەی تێدایە، کەمکردنەوەی هەمان مەودای نێوان ئەم دوو بەهایە، وەک لایەنێکی دەرەکی وەرگیراوە.

پانێڵی أ لە خشتەی ١ بەگشتی ئەوە نیشاندەدات کە پەیوەندییەکی دیار لە نێوان بەهاکانی سەروەت و سامان و قازانجدا هەیە. لە کاتی شیکردنەوەی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندە فەرمی و ئارەزومەندەکان (پانێڵی ب)، گەورەترین برە پارە ئاستی بەرزی سەروەت و سامان و قازانجی بەرز پێشان دەدات.

خشتەی ١. سەروەت و سامانی کۆمپانیا و قازانج

| قازانج | سەروەت و سامان | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بەرز | مامناوەند-بەرز | مامناوەند-نزم | نزم |
| **پانێڵی أ: هەموو کار و بزنس و کۆمپانیاکان** | | | | |
| بەرز | ٤٣ | ١٨ | ١٣ | ١٣ |
| مامناوەند-بەرز | ٢٧ | ١٧ | ٣٠ | ٢٥ |
| مامناوەند-نزم | ١٢ | ٦ | ١٥ | ٤٦ |
| واطیء | ٥ | ٧ | ٩ | ٥٧ |
| **پانێڵی ب: کار و بزنس و فەرمی و ئارەزووەمەندەکان** | | | | |
| بەرز | ٢٧ | ٨ | ٥ | ٤ |
| مامناوەند-بەرز | ١٧ | ١٣ | ١٥ | ١٤ |
| مامناوەند-نزم | ٩ | ٢ | ٩ | ١٥ |
| نزم | ٢ | ٥ | ١ | ٨ |

تێبینی: خشتەکە پەیوەندی نێوان سەروەت و سامان و ئاستی قازانج بۆ تەواوی نمونەی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان لە (پانێڵی أ) نیشاندەدات و بۆ ئەوانەی ئارەزووی خۆیان بۆ قەرز دەربڕیوە و وەک فەرمی سەیر کراون لە (پانێڵی ب) نیشاندەدات. پانێڵی یەکەم لەسەر کۆی گشتی ٣٤٣ کار و بزنس کۆمپانیایە و دووەم لەسەر کۆی گشتی ١٥٤ ئەو کار و بزنس وکۆمپانیا کە لە خشتەی هەبوونی پێوەرەکانی قەرزیان تێدایە دانراون. ڕەنگی خانەکان ئاماژەیە بۆ ژمارەی کار و بزنس و کۆمپانیاکانی هەر پۆلێک، کە سوور ئاماژەیە بۆ ژمارەیەکی زۆر بە بەراورد بە مامناوەندی و سپی ئاماژەیە بۆ ژمارەیەکی کەم. لە سەروەت و ساماندا، چوار پۆلەکە هاوتای ئەوانەن کە لە شێوەی ٤ دا نیشاندراون، لەگەڵ ٥٠٠K> کە هاوتایە لەگەڵ ئاستی "بەرز" و١٠٠K> واتە ئاستی نزم. سەبارەت بە قازانجیش، پۆلێنکردنەکان بەپێی برەکان کران. لە ٢٥٪ی کار و بزنس و کۆمپانیای ڕەوانەکراو بۆ وەرگرتنی قەرز قازانجیان لە خوار ١٠٠٠ دۆلار بوو، کە ئەمە بە ئاستی نزم پۆلێنکرا، لە ٥٠٪یشیان قازانجیان لەنێوان ١٠٠٠ بۆ ٢٠٠٠ دۆلار بوو کە کەمترە لە ٥٠٠٠ دۆلارە دەچێتە پۆلی مامناوەند، ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەشی کە قازانجان لەسەرووی ٥٠٠٠ دلارەوە بوو، وەک قازانجی ئاست بەرز پۆلێنکران.

گرنگ ئەوەیە تەنانەت لە نێوان کار و بزنسە فەرمی و ئارەزومەندەکاندا، لە ٩٨٪ی خۆیان پارە و سەرمایە بۆ خۆیان دابیندەکەن، ئەمەش شێوازێکی باوی نێو کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانە. دەرخەرەکانی فەرمیبوون کە وەک پێوەری ئامادەیی وەبەرهێنان بەکارهێنران، تەنیا یەک کۆمپانیایان هەڵبژارد کە قەرزی فەرمی و یەک بزنس کە سەرچاوەی قەرزکردن لە هاوڕێ و خێزانەکانیان وەرگرتبوو. بەم تێڕوانینەش، میکانیزمی پشکنین و پشتڕاستکردنەوەی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە هەڵبژێردراون بە تێکڕا ئەدای دارایی باشتریان هەیە بەڵام دەمێکە دەستیان بە بازاڕە داراییەکان ناگات.


# تەمەن و قەبارەی کار و بزنس


ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە پێوەرەکانی ئامادەیی وەبەرهێنان و فەرمیبوونیان تێدایە تەمەنیان درێژترە و ژمارەی کارمەندەکانیان زیاترە. هیچ کام لەم کار و بزنس و کۆمپانیایانە کەمتر لە ساڵێک کاریان نەکردووە و بە بەراورد لەگەڵ کار و بزنس و کۆمپانیا نافەرمیەکان، بەڵکو ڕێژەیەکی زیاتر لەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە بۆ ماوەی ساڵێک تا سێ ساڵە کاریان کردووە (شێوەی ٥، پانێڵی ب). بەپێی ژمارەی کارمەندان، کار و بزنس و کۆمپانیا نافەرمییەکانی ناو نمونەکە بە تێکڕا نۆ کارمەندیان هەیە، لە کاتێکدا ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە پێوەرەکانی ئامادەیی وەبەرهێنان تێدایە بە تێکڕا ١٤ کارمەندیان هەیە (شێوەی ٦، پانێڵی أ).

شێوەی ٦. قەبارە و تەمەنی کار و بزنس و کۆمپانیا بەپێی پێوەرەکانی گونجاویەتی


پانێڵی أ: قەبارەی کار و بزنس و کۆمپانیا



پانێلی ب: تەمەنی کار و بزنس و کۆمپانیا





تێبینی: لەم شێوەیە دا دابەشکردنی وەڵامەکانی پرسیارەکانی "کۆی ژمارەی کارمەندەکانت (جگە لە خۆت) چەندە؟" لە پانێلی أ و "چەند ساڵە کارەکەت لە کاردایە؟" لە پانێلی ب بەپێی هەر گروپێک لە پێوەرەکان (ئارەزووی قەرزی بازرگانی و فەرمیبوون). گروپی یەکەم (کە ئارەزووی قەرزی بازرگانی ناکات) ٥٥ کار و بزنس کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان لەخۆدەگرێت، گروپی دووەم (کار و بزنس و کۆمپانیا ئارەزوومەندەکان کە دەرخەرەکانی فەرمیبوون نیشاندەدەن) لە ١٣٤ کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەند پێکدێت، و گروپی کۆتایی (فەرمیبوون و ئارەزوومەندبوون، کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانی لیستی پوختەکراو)کە ١٥٤ کار و بزنس و کۆمپانیا لەخۆدەگرێت

## ڕەهەندە دیموگرافییەکان

پێکهاتەی دیموگرافی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە پێوەرەکانی ئامادەیی وەبەرهێنانیان تێدایە دەتوانێت ڕۆشنایی بخاتە سەر ئەو ئاستەنگ و زەحمەتیانەی دیکە کە گروپ و چین وتوێژە دیاریکراوەکان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لەوانەش ژنان، خاوەنکارە ئاوارەبووەکان یان دانیشتوانی هەندێک پارێزگای عێراق. هەرچەندە لیستی ڕەوانەکردنەکان تەنیا چەند کار و بزنس و کۆمپانیایەک کە لەلایەن ژنانەوە خاوەندارییەتی دەکرێت لەخۆدەگرێت (٢٨)، بەڵام شێوەی ٧ دابەشبوونیان بەپێی ڕەگەزی خاوەنکارەکە شیدەکاتەوە و دەردەکەوێت کە کار و بزنس و کۆمپانیاکانی کە لەلایەن ژنانەوە خاوەندارییەتی دەکرێن زیاتر دەکەونە ناو پۆلی نافەرمی. ئەم دەرئەنجامە لەگەڵ بەڵگەکانی دیکەدا هاوتەریبە کە ئاماژە بە بەربەستەکانی بەردەم چوونە ناو بەفەرمیبوونی کار و بزنسەکانی ژنان دەکەن (هایلاند و ئیسلام، ٢٠٢١؛ IOM عێراق، ٢٠٢١). لە کۆی ٢٨ کار و بزنسی خاوەندارێتی ژنان، حەوتیان فەرمین، ئارەزووی قەرزی بازرگانییان هەبوو و گونجاون بۆ ڕەوانەکردنی قەرز. هەموو ژنە خاوەنکارە سەڵتەکان یان بێوەژنەکان لە نمونەکەدا خاوەنی کار و بزنسی نافەرمی بوون، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات کە بەربەستی دیکە لەبەردەم گروپ و چین و توێژە دیاریکراوەکانی ژنان هەیە.


شێوەی ٧. خاوەنکارە ژنەکان بەپێی پێوەرەکانی گونجاویەتی




تێبینی: ئەم شێوەیە دابەشکردنی وەڵامەکانی پرسیاری "ڕەگەزی خاوەنکار چییە؟" بەپێی هەر کۆمەڵێک پێوەر (ئارەزووی قەرزی بازرگانی و فەرمیبوون). گروپی یەکەم (کە ئارەزووی قەرزی بازرگانی ناکات) ٥٥ کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەند لەخۆدەگرێت، گروپی دووەم (کار و بزنس کۆمپانیا ئارەزوومەندەکانی وەرگرتنی قەرز کە دەرخەرەکانی نافەرمی نیشاندەدەن) ١٣٤ کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەند لەخۆدەگرێت، و گروپی کۆتایی (فەرمی و ئارەزوومەند، کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانی لیستی پوختەکراو) کە لە ١٥٤ کار و بزنس و کۆمپانیا پێکدێت.

لە ڕووی خستنەسەرکاری ژنانەوە، ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە پێوەرەکانی ئامادەیی وەبەرهێنانیان تێدایە، تۆزێک ڕێژەیەکی کەمتری کارمەندی ژنیان هەیە (تێکڕا ١٤,٦٪) لە چاو کار و بزنس و کۆمپانیا نافەرمیەکان (١٨٪) و ئەوانەی ئارەزووی بژاردەی قەرزی بازرگانییان نییە (١٥٪) (شێوەی ٨).

شێوەی ٨. تێکڕای پشکی ژمارەی کارمەندانی ژن بەپێی پێوەرەکانی گونجاویەتی




تێبینی: ئەم شێوەیە دابەشکردنی وەڵامەکانی پرسیاری "کۆی ژمارەی کارمەندەکانت چەندە جگە لە خودی خۆت؟" چەند کارمەندی ئافرەتت هەیە بەپێی هەر کۆمەڵێک پێوەر (ئارەزووی قەرزی بازرگانی و فەرمیبوون). گروپی یەکەم (کە ئارەزووی قەرزی بازرگانی ناکات) ٥٥ کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەند لەخۆدەگرێت، گروپی دووەم (کار و بزنس کۆمپانیا ئارەزوومەندەکانی وەرگرتنی قەرز کە دەرخەرەکانی نافەرمی نیشاندەدەن) ١٣٤ کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەند لەخۆدەگرێت، و گروپی کۆتایی (فەرمی و ئارەزوومەند، کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانی لیستی پوختەکراو) کە لە ١٥٤ کار و بزنس و کۆمپانیا پێکدێت.


مامناوەندەکانی لیستی پوختەکراو) کە لە ١٥٤ کار و بزنس و کۆمپانیا پێکدێت.

لە نێو ڕەوانەکردنەکاندا، زۆربەی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە فەرمیبوون و ئامادە بۆ وەبەرهێنانیان تێدابوو لە بەغدا و لە سلێمانین (شێوەی ٨). لیستی بنەڕەتی ڕەوانەکردنەکان کار و بزنس و کۆمپانیاکانی چوار پارێزگای عێراق لەخۆدەگرێت، کە دوو پارێزگایان بەشێک لە بەرزترین ڕێژەی ئاوارەکان و گەڕاوەکانی ناوخۆیان تێدایە. لەدوای پارێزگای دهۆک، پارێزگای هەولێر لە پلەی دووەمی پێشوازیکرن و لەخۆگرتنی ئاوارەکان دێت (٢٢٢ هەزار و ٨٦٥)، پاشان پارێزگای سلێمانی چوارەم زۆرترین ئاستی پێشوازیکرن و لەخۆگرتنی ئاوارەکانی هەیە (١٢٦ هەزار و ٤٧٤). هاوکات پارێزگاری بەغدا یەکێکە لەو پارێزگایانەی کە کەمترین ژمارەی دانیشتوانی ئاوارەی عێراقی لەخۆگرتووە (٢٦ هەزار و ٥٣٢ کەس). نزیکەی لە ٦٠٪ی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە ڕەوانەکرابوون لە بەغدا سەرجەم پێوەرەکانی ئامادەیی وەبەرهێنان و فەرمیبوونیان تێدابوو، لەکاتێکدا لەسلێمانی لە ٣٦٪ و لەهەولێر کەمتر لە ٤٪.

لەگەڵ ئەوەی ئەم دەرئەنجامانە تەنیا ئاماژەن بە لەخۆگرتنی ژمارەیەکی کەمی پارێزگاکان لەم جێبەجێکردنەدا، بەڵام دەرخەری ئەوەشن ئەو شوێنانەی عێراق کە کاریگەری ئاوارەبوونیان لەسەرە ڕووبەڕووی بەربەست دەبنەوە لە دەستڕاگەیشتن بە سەرمایەی دارایی کە دەتوانرێت لە ڕێگەی بەرنامەداڕشتنی ئامادەیی وەبەرهێنانەوە چارەسەر بکرێن.

سەبارەت بە ئاستی خوێندن، زۆربەی دەرچووانی زانکۆ پێوەرەکانی فەرمیبوون و ئامادەیی وەبەرهێنانیانیان تێدابووە (٥٦٪)، لەکاتێکدا زۆربەی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە خاوەنەکەی ئاستی خوێندنیان لە خوێندنی قوتابخانە یان لە قۆناغی ناوەندی (٦٨٪) لەخوارترە، کەتر پێوەرەکانی فەرمیبوونیان تێدابوو.

شێوەی ٩. شوێنی کار و بزنس و کۆمپانیا بەپێی پێوەرەکانی گونجاویەتی




تێبینی: ئەم شێوەیە دابەشکردنی وەڵامەکانی پرسیاری "کار و بزنس و کۆمپانیاکەت لە کوێیە؟" بەپێی هەر کۆمەڵێک پێوەر (ئارەزووی قەرزی بازرگانی و فەرمیبوون). گروپی یەکەم (کە ئارەزووی قەرزی بازرگانی ناکات) ٥٥ کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەند لەخۆدەگرێت، گروپی دووەم (کار و بزنس کۆمپانیا ئارەزوومەندەکانی وەرگرتنی قەرز کە دەرخەرەکانی نافەرمی نیشاندەدەن) ١٣٤ کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەند لەخۆدەگرێت، و گروپی کۆتایی (فەرمی و ئارەزوومەند، کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانی لیستی پوختەکراو) کە لە ١٥٤ کار و بزنس و کۆمپانیا پێکدێت.

# خواست لەسەر خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری


جگە ئارەزووی وەرگرتنی قەرزی بازرگانی، هەروەها پرسیار لە خاوەنکارەکان کرا سەبارەت بە ئامادەییان بۆ بەشداریکردن لە کار و چالاکییەکانی بنیاتنانی توانا لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ. ئەم پرسیارە بەرچاوڕوونیەک دەخاتە بەردەست سەبارەت بە خواستی خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکان کە دەتوانێت یارمەتی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان بدات بۆ ئەوەی ئامادەیی بۆ وەبەرهێنان بن و شایستەی ڕەوانەکردنی پێدانی قەرز بن لە داهاتوودا. لە کۆی ٣٤٣ ڕەوانەکردن کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە لە ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی (CoCIs) و فیدراسیۆنی پیشەسازی عێراق دا، ٣١٨ (٩٣٪) گوتیان کە ئامادەن بەشداری لە کار و چالاکییەکانی بنیاتنانی توانای دارای-ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بکەن لەسەر بنەمای پێداویستییەکانیان و ٢٥یشان گوتیان کە بەشداری ناکەن.

لە کۆی ٣١٨ خاوەنکار کە ئامادەن ناویان تۆمار بکەن لە کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، زیاتر لە نیوەیان پێشتر پێوەرەکانی ئامادەیی وەبەرهێنانیان بۆ ڕەوانەکردنی قەرز (٥٣٪) جێبەجێکردووە، بەپێی پێوەرەکانی فەرمیبوون. شێوەی ١٠ ئەوە نیشاندەدات کە کام لە سێ پێوەرەکە لەلایەن ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە ئارەزووی خۆیان دەربڕیوە هەیە و لەلایەن ئەوانەی ئارەزوویان دەرنەبڕیوە نییە.

لەنێو ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی ئارەزووی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری دەکەن، بۆشایی سەرەکی نەبوونی هەژماری بانکی بوو (٢٩٪، یان ٩٣ کار و بزنس و کۆمپانیا)، دواتر نەبوونی بەدواداچوونی دارایی (١٩٪، ٦٢ کار و بزنس و کۆمپانیا)، و پاشان تۆمارنەکرن لە وەزارەتی پەیوەندیدار (١٣). ٪، ٤٢ کار و بزنس و کۆمپانیا). شێوەی ١٠ بەربڵاوی تێکەڵە جیاوازەکانی بۆشایی لە نێوان کار و بزنس و کۆمپانیا ئارەزومەندەکاندا نیشاندەدات.

لە نێو ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە ئارەزووی خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکان-ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچیان نییە (٢٥)، نزیکەی نیوەیان پێوەرەکانی ئامادەیی وەبەرهێنانیان بۆ ڕەوانەکردنی قەرزەکان تێدایە (٤٨٪). دابەشبوونی بۆشاییەکانی ئامادەیی وەبەرهێنان لە نێوان کار و بزنس و کۆمپانیا ئارەزوومەند و ئارەزوومەند نەبووەکان زۆر لەیەک نزیکن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەدوور نازانرێت نافەرمیبوون تاکە هۆکار بێت کە وادەکات کار و بزنس و کۆمپانیاکان ئارەزوویان بۆ بەرنامەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ زیاتر بێت. ڕەنگە هەندێک کار و بزنس و کۆمپانیا سوودمەند بن لە زیادبوونی هۆشیاری سەبارەت بە گرنگی ئامادەیی وەبەرهێنان و بە فەرمیکردن..

شێوەی ١٠. فەرمیبوونی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە ئارەزووی بنیاتنانی توانا-ی ڕێکخراوی IOM دەکەن




تێبینی: ئەم شێوەیە ڕێژەی سەدی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە نیشاندەدات کە هەر پێوەرێکی گونجاوییان تێدایە. پانێڵی أ ئەم ڕێژانە بۆ ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە کە وەڵامی "بەڵێ"یان داوەتەوە بۆ پرسیاری "ئەگەر ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بنیاتنانی توانای بازرگانی و بنیاتنانی توانای دارایی پێشکەش بکات بەگوێرەی پێداویستییەکانتان، ئایا ئامادەی بەشداری بکەیت؟" و پانێڵی ب ئەم ڕێژانە بۆ ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانە کە وەڵامی "نا"یان بۆ هەمان پرسیار داوەتەوە. پانێڵی یەکەم ڕێژەی سەدی لەخۆدەگرێت لەسەر بنەمای کۆی گشتی ٣١٨ وەڵامی ئەرێنی، پانێڵی دووەمیش ڕێژەی سەدی لەخۆدەگرێت لەسەر بنەمای کۆی گشتی ٢٥ وەڵامی نەرێنی.



## کۆتایی

ئەم ڕاپۆرتە ١٥٤ کار و بزنس و کۆمپانیای بچووک و مامناوەندەی دەستنیشانکردووە کە لە بنەڕەت فەرمین و پێوەرەکانی ئامادەیی وەبەرهێنان بۆ ڕەوانەکردنی قەرز لە نێوان ٣٤٣ کار و بزنس و کۆمپانیایانە دا هەیە کە لەلایەن ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی (CoCIs) و فیدراسیۆنی پیشەسازییەکانەوە ڕەوانەکراون لە چوار پارێزگادا. پێوەر و مەرجەکان بریتین لە تۆمارکردن لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، هەبوونی هەژماری بانکی، بەدواداچوون بۆ تۆمارە داراییەکان و ئارەزوو دەبڕین بۆ گەڕان بەدوای بژاردەکانی قەرزکردنی بازرگانی. ئەم مەرج و پێوەرانە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندە ڕەوانەکراوەکان لە باشترین دۆخدان بۆ سەرکەوتن لە دەرفەتی قەرزکردن دا.

شیکارییەکە دەریدەخات کە ئەو کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندانەی کە مەرج و پێوەرەکانی ئامادەیی وەبەرهێنانیان تێدایە، پرۆفایلی دارایی بەهێزتریان هەیە و مێژووی کارکردنیان درێژترە لە چاو ئەو کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندانەی ئەو مەرج و پێوەرانەیان تێدا نییە و نەخراونەتە لیستی پوختکراوەوە. مەرج و پێوەرەکانی پشکنین و پشتڕاستکردنەوەی هەبوونی بۆشایی بەرچاو بۆ ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە لەلایەن ژنانەوە خاوەندارەیەتی دەکرێن لە هەندێک ناوچەی عێراقدا دەخەنەڕوو. لە نێوان ڕەوانەکردنەکاندا، ژنە خاوەنکارەکان و بازرگانییەکان لەو پارێزگایانەی کە ژمارەی دانیشتوانی ئاوارەیان زۆرە، وەک هەولێر، ڕووبەڕووی بەربەستی گەورەتر بوونەتەوە لە جێبەجێکردنی پێوەرەەکانی فەرمیبوون. هەبوونی ئەم بۆشاییانەش تیشک دەخاتە سەر پێویستی بەشداریکردن و ڕۆڵگێڕانی ئامانجدار، وەک پێدانی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری و بەرنامەکانی بنیاتنانی توانا، ئەمەش بەمەبەستی پالپشتیکردن لە گەشەی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندە نافەرمییەکان و تا ئەوانیش بتوانن دەستیان بە خزمەتگوزارییە داراییەکان بگات.

## ڕاسپاردەکان

١. **ڕەوانەکردنی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندە گونجاوەکان بۆ دامەزراوە داراییە هاوبەشەکان.** جێبەجێکردنی نەخشەسازی و گونجان لەگەڵ بازاڕ بۆ ١٥٤ کار و بزنس و کۆمپانیای بچووک و مامناوەند دەستنیشانکرد کە ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی شیاو و گونجاون بۆ ڕەوانەکردنیان بۆ وەرگرتنی قەرز لەسەر بنەمای دەرخەرە سەرەکییەکانی سوود و ئامادەیی وەبەرهێنان. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ هاوکاری لەگەڵ هاوبەشەکانی وەک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار و دامەزراوە داراییە تایبەتەکان کار دەکات بۆ ئاسانکاریکردنی دەستڕاگەیشتن بە سەرمایەی دارایی بۆ ئەم کۆمەڵە بچووکەی کار و بزنس و کۆمپانیا ، بە سوود وەرگرتن لە دەستپێشخەرییە بەردەوامەکان کە قەرزی پاڵپشتیکراو پێشکەش بە کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان دەکەن.

٢. **پێدانی چەند بژاردەیەکی دارایی گونجاو بۆ ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە فەرمی نین.** دەرئەنجامەکانی ئەم ڕاپۆرتە ئەوە نیشاندەدەن کە مەرج و پێوەرە بنەڕەتییەکانی بەفەرمیبوون، کە بە شێوەیەکی بەربڵاو لەلایەن دامەزراوە داراییەکانەوە بەکاردەهێنرێن بۆ دیاریکردنی شایستەیبوونی پێدانی قەرز، دەتوانن ببنە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان وەردەربنرێن، تەنانەت لەنێو ئەو کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندانەی کە لەلایەن کە لەلایەن ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی (CoCIs) و فیدراسیۆنی پیشەسازییەکانەوە ڕەوانەکراون. بۆیە دەبێت دڵنیایی هەبێت لەوەی کە سەرچاوەی دیکەی جێگرەوە بۆ دابینکردنی سەرمایەی دارایی بۆ ئەم کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندانە زۆر گرنگە، چونکە زۆرجار توانای گەشەکردنی زۆریان هەیە و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ڕەخساندنی هەلی کاری نوێدا. کار و چالاکییە دەستپێشخەرییەکانی وەک سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF) دەتوانن یارمەتیدەر بن لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ئێستا لەڕووی دەستڕاگەیشتن بە سەرمایەی دارایی بۆ کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندە نافەرمیەکان. دەکرێت چەند سیاسەتێکی کارکردنیان لەگەڵ دابڕێژرێت تا لەو ڕێگەیەوە بتوانرێت ئاستی بەشداریکردنی دامەزراوە داراییە تایبەتەکان لەو کەرتە نافەرمییە زیاتر بکرێت.

٣. **پاڵپشتیکردن لە کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان بۆ ئامادەبوونیان بۆ وەبەرهێنانی و بۆ فراوانکردنی کۆی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندە گونجاوەکان بەمەبەستی بۆ ڕەوانەکردنیان بۆ پێدانی قەرز.** لە ٤٣٪ی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندە ڕەوانەکراوەکان دەتوانن سوودمەند بن لە هەوڵەکانی بنیاتنانی توانا، پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە داراییەکان لە ڕێگەی ئاسانکاری بۆ کردنەوەی هەژماری بانکی، پاڵپشتیکردن لە تۆمارکردنی کار و بزنس و کۆمپانیاکە لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و بەهێزکردنی پاراستنی تۆمارەکانی کارەکە و بەدواداچوونی دارایی. بە پێشخستنی بە فەرمیکردنی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان و ئامادەییان بۆ وەبەرهێنان، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ دەتوانێت یارمەتیان بدات تا بە بانکی ببن، وەک کاندیدی گونجاو بۆ دەرفەتەکانی پێدانی قەرز و وەبەرهێنان لە داهاتوودا.

٤. **دەست تێوەردان و ڕۆڵگێڕانی دیاریکراو و تایبەتمەند بۆ چارەسەرکردنی ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی ژنانی خاوەنکار و خاوەن بزنس دەبنەوە کە لە ناوچەکانی کە کاریگەری شەڕ و ململانێ و ئاوارەبوونیان لەسەرە.** ژنانی خاوەنکار و خاوەن بزنس کە لەو پارێزگاکایانەدان کە ژمارەی دانیشتووانی ئاوارەکانی ناوخۆیان زۆرە، کەمتر پێوەرەکانی بەفەرمیبوون جێبەجێدەکەن. نەبوونی تۆماری کار و بزنسی نوێکراوە لە ناوچە زیانلێکەوتووەکانی شەڕ و ململانێدا، کۆی ئەو کار و بزنسانە سنووردار دەکات کە لە ڕێگەی ئەم گونجاندن لەگەڵ بازاڕەوە پشکنین و پشتڕاستکردنەوەیان بۆ کراوە. بەمەبەستی دڵنیابوون لە گەشەپێدانی گشتگیر لە کەرتی تایبەت و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان و وەک یەک لە گۆڕەپانەکەدا، پێویستە دەستێوەردان و ڕۆڵگێڕانی ئامانجدار دابنرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو بەربەستانەی کە گروپە سوودمەندنەبووەکانی خاوەنکارەکان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و بۆ فراوانکردنی کۆی ئەو کار و بزنسانەی کە بۆ ڕەوانەکردنیان بۆ وەرگرتنی قەرز بە گونجاو دادەنرێت. دەکرێت بەشداریکردن و ڕۆڵبینینە گونجاوەکان بریتیبن لە هاندانی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بانکەکان و دامەزراوە داراییەکان و بەرنامەکانی ڕاهێنان بەمەبەستی پاڵپشتیکردنی هەبوونی شێوازی باشتری کار و بازرگانی و بەرزکردنەوەی ئاستی ئامادەیی ئەو کار و بزنسانە بۆ وەبەرهێنان.

٥. **بەهێزکردنی سیستەمی زانیاری نیشتمانی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان.** زۆربەی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان کە لەلایەن ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی (CoCIs) و فیدراسیۆنی پیشەسازییەکانەوە دانراون بۆئەوەی ڕێکخراوی IOM بۆ ئەم نەخشەسازی و گونجان لەگەڵ بازاڕە هەماهەنگییەکان لەگەڵ بکات، بەهۆی وردەکارییەکانی پەیوەست کۆنبوون و نەمانی زانیارییەکان نەتوانرا دەستیان پێبگات. بەهێزکردنی کاری هاوبەش لەگەڵ ئەم دامەزراوانە بۆ باشترکردنی تۆماری بازرگانی نیشتمانی و سیستەمی زانیاری کار و بزنس و کۆمپانیاکان زۆر گرنگە بۆ ئاسانکاریکردن لە دانانی بەرنامەی ئامانجدار بۆ کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان لە درێژخایەندا و ببێتە ستراتیژیەتێکی ڕاست و دروست لە هەڵبژاردانی سوودمەندبووانی هەر بەرنامە و پرۆگرام و هاوکارییەک.

٦. **خستنەسەرکاری بەشداربووانی پرۆگرامەکە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی کراوە بۆ پێشنیاز و پرۆپۆزەڵ.** تا ئەو کاتەی سیستەمی زانیاری نیشتمانی نوێدەکرێتەوە، ڕاگەیاندنە کراوەکان بۆ ئەو بیرۆکە و پێشنیاز و پرۆپۆزەڵانەیە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەو بوارانە دا کاردەکەن کە ئامانجی پرۆگرامەکەن، هەروەها درێژەدەرێت بە دابینکردنی ڕێڕەوێکی گشتگیرتر و کاراتری خستنەکار بۆ دیاریکردنی ئەو کار و بزنس و کۆمپانیایانەی کە ئارەزووی دەستڕاگەیشتن بە بەرنامەڕێژی دارایی دەکەن. تۆمارەکانی ئێستا زیاتر هەبوونی ئەو کار و بزنسانە لە شارە گەورە سەرەکییەکان نیشاندەدەن، کە لەبەرژەوەندی خاوەنکارانی ژن و ئەوانەی کار و بزنسەکانیان لەو ناوچانەن کە کاریگەری شەڕ و ململانێیەکان ئاوارەبوونیان لەسەرە نییە.

## ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق

iraq.iom.int
iomiraq@iom.int

کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)،
ناوچەی نێودەوڵەتی،
بەغداد/عێراق

@IOMIraq

IOM UN MIGRATION
german cooperation DEUTSCHE ZUSAMMENARBEIT
Implemented by: KFW

ئەم بڵاوکراوەیە بە پاڵپشتییەکانی بانکی گەشەپێدانی ئەڵمانی KfW ئەنجامدرا.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ٢٠٢٤

نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن بێت، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.